# کاریگەریی هایدرۆپۆلیتیکیی تورکیا لەسەر عێراق

07-08-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە** : ئاو ئەمڕۆ بووەتە سەرچاوەی گەلێک ململانێ و قەیران لە جیهاندا، بە تایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە سەرەڕای ئەوەی ٥%ی دانیشتووانی جیهان پێکدەهێنێ، تەنیا ١%ی سەرچاوەکانی ئاوی شیرینی جیهانی لەبەردەستدایە. هەروا پتر لە ٥٠%ی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لە کەناری حەوزە ئاوییە هاوبەشەکاندا دەژین

RRC |

ئازاد وەڵەدبەگی|

**بەرایی**

ئاو ئەمڕۆ بووەتە سەرچاوەی گەلێک ململانێ و قەیران لە جیهاندا، بە تایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە سەرەڕای ئەوەی ٥%ی دانیشتووانی جیهان پێکدەهێنن، تەنیا ١%ی سەرچاوەکانی ئاوی شیرینی جیهانی لەبەردەستدایە. هەروا پتر لە ٥٠%ی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لە کەناری حەوزە ئاوییە هاوبەشەکاندا دەژین، ئەمەش وادەکات هەوڵدان بۆ کەڵکوەرگرتنی پتر لەم سەرچاوانە ململانێ و ڕکابەرییەکی توند لە ناوچەکەدا بخولقێنێت. هەرچەندە سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکان دەتوانن زەمینەی هاوکاریی و پەیمانی دوولایەنە یا چەندلایەنە لەنێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا بڕەخسێنن، بەڵام ئاو وەک کاڵایەکی دانسقە و ڕکابەرئامێز هیچ جێگرەوەیەکی نیە و بە شێوەیەکی نایەکسان لە ناوچەکاندا دابەشبووە، کە ئەمەش وا دەکات ئاو ببێتە کەرەستەیەک بۆ ململانێ و گرژیی. هایدرۆپۆلیتیک بریتییە لە سیاسەتی هەر دەوڵەتێک بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی خۆی کە ئەمەش لەژێر کاریگەریی کۆمەڵێک فاکتەردایە، کە گرنگترینیان دۆخی تۆپۆگرافی هەر وڵاتێکە کە ڕێگەی پێدەدات بە چ شێوازێک هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکاندا بکات. لەم وتارەدا، هەوڵدەدەین لەژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەم ماوەیەدا هاتوونەتە ئاراوە، کاریگەریی هایدرۆپۆلیتیکی تورکیا لەسەر عێراق و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بخەینە بەرباس.

**باکگراوندی یاسایی کێشەکە**

سەرەتای سەرهەڵدانی کێشەی ئاو لەنێوان تورکیا و وڵاتانی دراوسێ دەگەڕێتەوە بۆ پاش هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و سەربەخۆیی عێراق لەساڵی ١٩٢٠. هەر لە ساڵی ١٩٢٠ ڕێککەوتنی دووقۆڵی و سێقۆڵی لەنێوان تورکیا و عێراق و سووریا هاتەئاراوە بۆ دابەشکردنی ئاوی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی ئەوکات. هەروا لە مادەی (١٠٩) لە ڕێککەوتننامەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ کە لەنێوان تورکیا و هاوپەیمانانیدا بەستراوە هاتووە: "نابێ هیچ کام لەم سێ دەوڵەتە بەنداو یا کۆگای ئاو یا گواستنەوەی ڕێڕەوی ڕووبارەکان ئەنجام بدات بە بێ پێکهێنانی هیچ دانیشتنێکی هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا و دەبێ ڕاوێژیان پێ بکات بۆ گەرەنتیکردنی ئەوەی هیچ زیانێک بە لایەنەکەی تر نەگەیەنێت."

لە ساڵی ١٩٤٦ ڕێککەوتنی دۆستایەتی و دراوسێیی باش لەنێوان عێراق وتورکیا واژۆکرا کە پرۆتۆکۆلی ژمارە (١)ی ئەو ڕێککەوتنە پەیوەندیی بە ڕێکخستنی ئاوی هەر دوو ڕووباری دیجلە و فوراتەوە هەیە. یەکەم خولی گفتوگۆی نێوان وڵاتانی حەوزی دیجلە و فورات لە ساڵی ١٩٦٢ گرێدرا کە تێیدا تورکیا ڕەتیکردەوە کە ئەم دوو ڕ
ڕووبارە نێودەوڵەتی بن و بە ڕووباری تێپەڕبووی سنووری لە قەڵەمیدان، کە ئەم هەڵوێستە پێچەوانەی ڕێسا نێودەوڵەتییەکانە. دانیشتنەکان هەر بەردەوامبوون و لە ساڵی ١٩٧٨ پرۆتۆکۆلی هاوکاریی ئابووریی و تەکنیکی لەنێوان عێراق و تورکیا واژۆکرا. سەرەڕای واژۆکردنی چەندین پرۆتۆکۆل لەنێوان عێراق و تورکیا لە ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٧، کێشەکە هێشتا هەر وەک خۆی ماوەتەوە. دواجاریش لە سەردانی بەرهەم ساڵح سەرۆککۆماری عێراق لە ٣/١/٢٠١٩ بۆ ئەنکەرە، کێشەی ئاو یەکێک لە تەوەرەکانی گفتوگۆ بوو و بڕیاردرا، کۆمیتەیەکی هاوبەش لەنێوان هەر دوو وڵات بۆ چارەسەری کێشەکان دابنرێت، کە هەتا ئێستا هیچ ئەنجامێکی هەست پێکراوی نەبووە و تورکیا لەسەر هەمان سیاسەتی ئاویی رابردووی خۆی بەردەوامە.

**دەرەنجامەکانی سیاسەتی ئاویی تورکیا**

بە سەرنجدان بەوەی کە سەرچاوەی هەر دوو ڕووباری دیجلە و فورات لە ناو خاکی تورکیادا هەڵکەوتوون، ئەم دەوڵەتە هەر لە دوای ڕووخانی حکومەتی عوسمانی و دروستبوونی هەر دوو دەوڵەتی عێراق و سووریا، وەک دەوڵەتێکی سەروو ڕووبار بە شێوەیەکی تاکلایەنە و بێ گرنگیدان بە بەرژەوەندیی وڵاتانی خوارووی ڕووبار هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکاندا کردووە. یەکێک لەو پرۆژانەی کە تورکیا لەم ناوچەیە جێبەجێی کردووە پرۆژەی "ئانادۆڵی باشووری ڕۆژهەڵات"ە کە بە "گاپ" ناسراوە. گەڵاڵەی سەرەکی ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ١٩٣٦ لە لایەن ئاتاتورکەوە داڕێژرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٠ دەستی بە کار کرد. ئەم پرۆژەیە، دەگوترێ بۆ گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوچەیەکە کە ٩ ملیۆن کەس لە خۆ دەگرێت و لە ٢٢ بەنداو و ١٩ پرۆژەی کارۆئاویی پێکهاتووە، کە هەر دوو ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی دیجلە و فورات دەگرێتەوە.

بەنداوی ئەلیسوو کە گەورەترین بەنداوی پرۆژەکەیە لە ئایاری ٢٠٢٠ کەوتەکار (پاش سێ ساڵ دواخستنی) کە بووە هۆی ئەوەی ئاوی هاتووی دیجلە بۆ ناو عێراق لە ٦٠٠م٣ لە چرکەیەک دابەزێت بۆ ٣٠٠ تا ٣٢٠ م٣ لە چرکەدا، کە ئەمەش بەو واتایە دێت عێراق ٥٠%ی ئاوی هاتووی خۆی لەم ڕێڕەوە لە دەستدەدات. بەپێی توێژینەوەیەکی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق پێشبینی کراوە کە لە ساڵی ٢٠٣٥ عێراق ١٠.٥ ملیار م٣ کورتهێنانی ئاوی بێت. لەو گفتوگۆیانەی کە پێشتر لەنێوان عێراق و تورکیادا هەبووە عێراق داوای کردووە تورکیا گەرەنتی ئەوە بکات ئاوی هاتوو بۆ عێراق کەمتر لە ٥٠٠ م٣ لە چرکەدا نەبێت، بەڵام تورکیا وتویەتی کە تێکڕای ئاوی هاتووی دیجلە لە ٣٥٠م٣ تێناپەڕێت.

خەریکبوونی عێراق بە چەندین جەنگی درێژخایەن و یەک لە دوای یەکی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی هەر لە حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە هەتا ئێستا وایکردووە، کە عێراق لە بەرامبەر هێزە هەرێمییەکانی وەک تورکیا و ئێران لاواز بێت و ژێرخانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و پیشەسازیی وڵاتەکەی بە تەواوی لەناو بچێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە عێراق لە دۆخێکی لاوازی ئابووریی، سیاسی و دیپلۆماسیدا بێت، کە ئەمەش دەرفەتی بۆ ئەو وڵاتانە ڕەخساندووە زیاتر گرنگیی بە بەرژەوەندییە ئاوییەکانی خۆیان بدەن، بە بێ ئەوەی بەغدا بتوانێ وەک پێویست ڕووبەڕوویان ببێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، نەبوونی یەکگرتوویی نێوخۆیی لەنێوان عێراقییەکان بۆ نموونە نەبوونی پەیوەندییەکی تۆکمە و ستراتیژیی لەنێوان هەولێر-بەغدا دەرفەتی بە تورکیا داوە، کە عێراق نەتوانێ کارتی هەناردەکردنی نەوت دژ بە تورکیا بەکار بهێنێ. لە نوڤەمبەری ساڵی ١٩٧٧ عێراق هەناردەی نەوتی خۆی بۆ تورکیا ڕاگرت و داوای کرد کە تورکیا ٣٣٠ ملیۆن دۆلار قەرزە نەوتییەکانی خۆی بداتەوە و لە هاتنی ڕێژەی پێویستی ئاوی دیجلە و فورات بۆ عێراق دڵنیایی بدات، هەتا ئەنکەرەش ئەم مەرجانەی جێبەجێ نەکرد بەغدا هەناردەی نەوتی دەست پێنەکردەوە. بەڵام ئێستا پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ تورکیا لەڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجام دەدرێ، کە ئەمەش بابەتێکی جێی ناکۆکییە لەنێوان هەولێر-بەغدا. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی پاڵپشتی تورکیا بۆ پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت لەڕێی هەرێمی کوردستان کەمکردنەوەی ئەو گوشارانەیە بێت لەسەر خۆی، کە پێشتر بەغدا لەڕێی کارتی هەناردەکردنی نەوت دژ بە تورکیا بە کاریهێناوە و بەمجۆرە ئەو کارتەی لە بندەستی حکومەتی عێراق دەرهێناوە، چونکە توانای هەرێمی کوردستان بۆ بەکارهێنانی ئەم کارتە سنووردارە.

لە چل ساڵی رابردوو، سەرچاوەکانی شیاوی ژیاندنەوەی ئاو لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ یەک لەسەر سێ دابەزیوە و لە ٣٤٠٠ م٣ بۆ هەر تاکێک لە دەیەی شەستی سەدەی رابردوو بۆ ١٣٠٠م٣ لە کاتی ئێستادا دابەزیوە. ئەم دۆخەش، بە هۆی نەبوونی بەڕێوەبردنی دروستی سەرچاوە ئاوییەکان، جەنگ، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و بەبیابانبوونی ناوچەکە گوشاری لەسەر وڵاتانی خوارووی ڕووبار زیاتر کردووە، کە عێراقیش یەکێکە لەو وڵاتانە کە لە بەردەم مەترسییەدایە و ٧٠% ی سەرچاوە ئاوییەکانی لە دەرەوەی وڵاتەوە دێت.

لەم ساڵانەی دوایی، تورکیا بۆ سەپاندنی بۆچوونەکانی خۆی و دۆزینەوەی پاڵپشت بۆ خۆی، هاوئاهەنگی و لۆبینگێکی باشی لەگەڵ وڵاتانی ئەسیوپیا، ئێران و ئەفغانستاندا کردووە (بەو پێیەی ئەوانەش وڵاتانی سەروو ڕووبارن) بۆ گەڵاڵەکردنی سیاسەتێکی هاوبەش و وەرێخستنی گوتارێکی تایبەتی هاوبەش بۆ کەڵکوەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، پێچەوانەی ئەو ڕێسایانەی کە لە ڕێککەوتننامەی کەڵکوەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی ساڵی ١٩٩٧ دا هەیە، وەک کەڵکوەرگرتنی دادگەرانە و گونجاو، نەگەیاندنی زیان بە دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەوی ئاویی، هاوکاری، قەرەبووکردنەوەی زیانەکان و ئاگادارکردنەوەی وڵاتانی دیکەی ڕێڕەو لە پرۆژە ئاوییەکان و هتد. لەم بارەیەوە تورکیا دیپلۆماسی گشتی و هێزی نەرمی خۆی وەگەڕخستووە لە ڕێی بەستنی چەندین کۆنگرە و کۆنفرانسی ساڵانە لەسەر بابەتی ئاو لەو وڵاتەدا. تورکیا دەیەوێت ئەم سەرچاوە گرنگە وەک ئامرازێک بۆ گۆڕینی نەخشەی هایدرۆپۆلیتیکی ناوچەکە بەکاربهێنێت و، لەم ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر دۆخی جیۆستراتیژیی ناوچەکە دابنێت و وەک وڵاتێکی هایدرۆهژموون ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بپێکێت.

لە دۆخی ئێستادا کە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەستەویەخەی چەندین جەنگ و کێشە و ململانێی سیاسی، سەربازیی و تایفییە، لە ڕواڵەتدا ئاو کێشەیەکی پەراوێزییە، بەڵام بە تەواوبوونی ئەم دۆخە بێگومان کێشەی ئاو دێتە رۆژەڤ و دەبێتە کێشەی یەکەم و هەرەگرنگی ناوچەکە. بوونی دۆخێکی ئاسایشیی نالەبار لە وڵاتانی ناوچەکە وەک ئەوەی لە عێراق و سووریا و تەنانەت ئێرانیش هەیە، ئەو هەلەی بۆ تورکیا ڕەخساندووە کە بە شێنەیی سیاسەتە ئاوییەکانی خۆی بباتە پێشەوە.

بێگومان، سەرکەوتنی پرۆژەی گاپ ئامرازێکی بەهێز دەبێ بە دەست تورکیا وەک دەوڵەتێکی هایدرۆهەژموون لە سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی ئەو وڵاتە و لە هەمانکاتدا، کاریگەریی زۆر نەرێنی دەبێت لەسەر وڵاتانی ناوچەکە وەک عێراق، سووریا، ئێران، سعوودیا و ئوردون وەک کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاوی هاتوو، کۆچی دانیشتووان، بەبیابانبوونی ناوچەکە، هەڵکردنی گەردەلوولی تۆز و خۆڵ، تۆخکردنەوەی ململانێ هەرێمی و نێوخۆییەکان (وەک جەنگی نێوان دەوڵەتان و تیرۆریزم و گرووپە توندڕەوەکان)، وشکەساڵی، لەناوچوونی ژێرخانی کشتوکاڵی و ئاسایشی خۆراک، هەژاریی و بێکاری و هتد.

بێگومان پشتگوێخستنی دیپلۆماسی ئاویی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین گرفتی جۆراوجۆر لە ناوچەکە، هەربۆیە دەبێ دەوڵەتانی

ناوچەکە، ئەوانەی کە زیانمەند دەبن لە سیاسەتی ئاویی تورکیا دیپلۆماسی ئابووریی، دیپلۆماسی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دیپلۆماسی کولتووریی و دیپلۆماسی ژینگەیی وەڕێبخەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و دامەزراندنی کۆمیسیۆنێکی هاوبەشی هەرێمی بۆچارەسەری گرفتی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان. واباشە دەوڵەتی تورکیاش لە سیاسەتە ستراتیژییە ئاوییەکانی خۆیدا پشکی ئاویی وڵاتانی خاوەن پشک ڕەچاو بکات و پابەندی ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بێت و زیان بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە نەگەیەنێت.

**کۆبەند**

هەر وڵاتێک لەم ناوچەیەدا لەڕووی تۆپۆگرافییەوە باڵادەست بێت و سەرچاوەی ئاویی زیاتری لە بەردەستدا بێت، ئەوا لە پەیوەندییە هایدرۆپۆلیتیکی و جیۆپۆلیتیکییە ناوچەییەکاندا کاریگەریی و باڵادەستی زیاتری دەبێت. هەرچەندە قەیرانی ئاو قەیرانێکی جیهانییە، بەڵام ڕەنگە لە هیچ شوێنێکی جیهان بە قەدەر ڕۆژئاوای ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕەهەندی ئەمنی-سیاسی بە خۆیەوە نەگرتووە. سیاسەتی ئاویی تورکیا بەو شێوازەی ئێستا عێراق و وڵاتانی دیکەی حەوزی ئاویی دیجلە و فورات دەخاتە ژێر گوشارێکی هیدرۆپۆلیتیکی ناهەموار، کە لە ئەنجامدا گرژییەکانی نێوان تورکیا و وڵاتانی زیانمەند زیاتر دەکات، هەربۆیە نابێ دۆخی باڵادەستی و تۆپۆگرافی تورکیا ببێتە هۆکاری گرتنەبەری سیاسەتێکی ئاویی وەها کە وڵاتانی ناوچەکە تووشی کارەسات بکات. لەم ڕۆژانەدا تورکیا دەبێ ڕەچاوی وردی دۆخی جیۆپۆلیتیکی وڵاتانی ناوچەکە بکات و بە وشیاریی تەواو هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکات.

**سەرچاوەکان:**


١) محسن دیانت، حمید درج، ابراهیم قادری، تأثیر هیدروپلیتیک زاب کوچک بر روابط سیاسی ایران و اقلیم کردستان عراق، فصلنامه پژوهشهای سیاسی جهان اسلام، سال نهم، شماره دوم، تابستان ١٣٩٨.

٢) مسلم زالی پور، دیپلماسی آبی موقعیت ژئوپلیتیک ترکیه و تاثیر آن بر امنیت پیرامونی، فصلنامه علمی تخصصی خاورمیانه، سال دوم. شماره دوم. بهار و تابستان ١٣٩٩. ٣) العراق يواجه نقصاً بالغاً في تدفق المياه بسبب مشروعات تركية، لەسەر ئەم ماڵپەڕە دەبینرێ: /alarabiya.net/ar/arab-and-world/iraq/2020/07/17

٤) پریفان سعید، العراق يواجه أزمته المقبلة: المياه، لەسەر ئەم ماڵپەڕە دەبینرێ:

https://www.washingtoninstitute.org/ar/fikraforum/view/iraq-faces-its-next-crisis-water

٥) شذى خليل، أزمة واردات العراق المائية بين إيران وتركيا والاتفاقيات الدولية، لەسەر ئەم ماڵپەڕە دەبینرێ: https://rawabetcenter.com/archives/85929